# چۆلەکە و مام ڕێوی

چۆلەکەیەکی جوانکیلە لە دارستانێکدا بۆ دان دەگەڕا، لە ناکاو ڕێویەکی لێ پەیدا بوو، پەلاماری داو گرتی.



چۆلەکەی بەستەزمان لە بەر دەستی مام ڕێوی تەلەکەبازدا وەک بیی ناو ئاو دەلەرزی. مام ڕێوی بە فیزێکەوە لە چۆلەکەی پرسی: ئەرێ پێم ناڵێی تۆی بێدەسەڵات بۆچی دڵخۆش و بەختیاریت؟ بە ڕاستی سەیرە ... ، من بەو هەموو هێز و توانایامەوە هەمیشە دڵتەنگم، کەچی چۆلەکەیەکی لاوازی وەک تۆ هەردەم لە ئاوازێک لێدەدەیت و ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکەیت.

چۆلەکەی بەستەزمان بە ترس و لەرزەوە گوتی:

مام ڕێوی ئەگەر دەتەوێت هۆی بەختیاریم بزانیت بەرم بدە با بفڕمە سەر یەکێک لەو چڵانە، ئەو جا گوێم لێ ڕاگرە و نهێنی دڵی خۆمت لێ ئاشکرا دەکەم. جا گوێڕاگرتن لە نهێنیەکەم باشتر لە خواردنی سیسەڵەیەکی وەک من نیە؟

مام ڕێوی هەندێک بیری کردەوە و ئینجا چۆلەکەکەی بەرەڵلا کرد. چۆلەکەکە فڕیە سەر دارێکی بڵند،کە تۆزێک حەسایەوە گوتی: ئەی مام ڕێوی من سەرەڕای بێدەسەڵاتیم هەمیشە دڵخۆش و بەختیارم، چونکە قەت بیر لە ئازاردانی کەسانی تر ناکەمەوە و زۆرداریم بە خەیاڵدا نایەت. بەڵام تۆی فێڵەزان هەمیشە بە ئازاردانی بێدەسەڵاتانەوە خەریکیت و هەر بیر لە زۆرداری دەکەیتەوە، لە بەر ئەوەیە کە هەموو کاتێک لە خەم و پەژارەدا دەژیت و دوژمنت زۆرە.

Copyright © Kurdi.fi

❊ لێکدانەوەی وشەکان

چۆلەکە: کێشکە، باڵندە، مەل

جوانکیلە: جوان و چکۆلە

لەناکاو: لەپڕ، ژ نشکاف

تەلەکەباز: فێڵباز، فێڵەزان

بەختیار: بەختەوەر، خۆشحاڵ

پەلاماری دەدات: هێرشی بۆ دەبات، پڕی - پێدادەکات، خوە ئاڤێتیێ

بەفیزێکە: بە لەخۆ بایی بوونەوە، بە پۆزێکەوە

هەمیشە: هەرکات، هەردەم، بەردەوام، هەر گاڤ

چڵ: لقی دار، تای داری

سیسەڵەیەکی: کز و لاواز، ژاژەکی

نهێنی: شاراوە، راز

پەژارە: خەم

ڕێوی: ڕوڤی



❊ پرسیار

1. بۆچی مام ڕێوی پەلاماری چۆلەکەکەی دا؟ ..............................

..............................

2. ڕێوی بەچی بەناوبانگە؟ ..............................

..............................

3. نهێنی چۆلەکەکە چی بوو؟ ..............................

..............................

❊ هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بە کار بێنە:

پەلامار ..............................

بەستەزمان ..............................

تەلەکەباز ..............................

بێدەسەڵات ..............................

بەهێز ..............................

بەختیار ..............................


Copyright © Kurdi.fi